

# ماکیاژی (٢٠١٤)
# هەنگاو بە هەنگاو

چەندین جـۆرە ڕێگەی دانانی ماکیاژ هەیە، هەر ڕێگەیەك بۆ جۆرە ماکیاژێك دەست دەدات، جیاوازی نێوان ئـەو هەموو ڕێگایانـەی ماکیاژکردن، ڕێگە خۆشکەرە تا خانمان یەکێك لەو هەنگاوانە هەڵبژێرن و ماکیاژێکـی جوان بۆ ڕوخسـاریان بکەن. گرنگە خانمان یەکێك لە شێوازەکانی ماکیاژ کردن بزانن، تا بتوانن لەسەر ڕێچکەیەکی دیاری کراو ماکیاژ بکەن و ئەمەش سـتایلێکی ماکیاژ کردنە کە تایبەتە بە ساڵی ٢٠١٤ هەنگاو بە هەنگاو:

- سـەرەتا دەم و چاوت بە سابوون جوان بشۆ، یان تەنیا شووشتن بێ بەبێ سابوون.

-کرێمی تەڕ کردن بهێنە و لە دەم و چاوتی هەڵسوو، بە جۆرێك هەموو لایەکی ڕووخسارت بگرێتەوە و بۆ ماوەی (١٠) خولەك بەجێ بهێڵە تا ڕەنگی پێسـتت بە تەواوی دەگۆڕێ.

-پاشـان کرێمی سـەرەکی (ئەسـاس) لە هەموو ڕووخسـارت بدە، جیاوازی نییە کرێمەکە شـل بێ یان پەیت، بەڵام چاکترە شـل بێ، چونکە پێست بە زووترین کات دەیمژێت.

-لە هەنگاوی پاش دانانی کرێمی ئەسـاس، دواتر پۆدرە بە سووکی لە دەم و چاوت بدە.

-دانانی ڕەنگی پشتە چاو، چاکتریش دەبێ ئەگەر ڕەنگێکـی هێمن بەکاربهێنی وەك : ڕەنگی شـینی ئاسـمانی، زیـوی، لەوەش گرنگتـر ئەوەیە کاتێك ڕەنگی پشـت چاوت لەگەڵ ڕەنگی جل و بەرگت هاو ڕەنگ بێت.

-کل کردنی چاو، وەك ئەو بەستە گۆرانیەی لەسەر کل کردنی چاو هەیە و دەڵێ :چاوەکانت لە کل ناوە و ناز دەفرۆشی بەم دوو چاوە، هەروەها ماسکارا کردنی برژانگەکانیشت لە بیر مەکە.

-سـۆراوکردنی لێـو، ڕەنگێکی شـیاو بۆ لێوت هەڵبژێـرە و لە لێوت بدە، ئەگەر پێسـتت وشـکە، ڕەنگێـك بەکاربهێنە کە ڕێژەی چـەوری تێدا بێ، چونکە سـووراوی چەور و وشـك هەیە، ئەوەش بۆ ئەوانەیە کە پێستیان وشکە یان چەورە. لە کۆتاییشدا هێلکردنـی لێویش بکە، بە قەڵەمـی لێو چێوە بۆ لێوانت دانێ.

# گوارەی زیو نایابترین ئێکسسوار





سـیفەتێکی جوانـی کچان ئەوەیـە کە هـەردەم گرنگی بە خشـڵ و ئێکسسـوار دەدەن، ئەوەش وادەکات ئەو خانمانە خۆیان بـە چەندین ئێکسسـواری جیاواز برازێننـەوە. زۆر جار کچێك جۆرە ئێکسسـوارێکی جوان دەکرێ و بە خۆوەی دەکا، دەسـتە خوشـکانی بەرامبەر بە خشڵەکەی سەرسـامی دەردەبڕن، لێشی دەپرسن کە ئاخۆ ئەو ئێکسسوارە جوانەی لە کوێ کڕیوە. ئەمەش نیشـانەی زیرەکی ئەو کچەیە کە توانیویەتی خشـڵێکی جوان و سـەرنج راکێش بکڕێت و بەبەر خۆوەی بکات. ئەو جۆرە حاڵەتە لەوە دروسـت دەبێ، کە کچێکی شـۆخ و شـەنگ گوارەیەکی نایاب لە جوانیـدا هەڵدەبژێرێ. گرنگە خانمـان بزانن چ جۆرە گوارەیەك لە گوێچەکەیـان دەکەن، تا بە لوتکەی جوانی بگەن. چەندیـن جۆرە گوارە هەن، ئەمەش بەپێی جیاوازیی کە لە نەخش و رەنگ و شـێوەدا جیاوازە، بەڵام ئەوەی زۆرترین چاوی لەسەرە و بـاوی هەیە، گوارەی زیوە، ئەو جۆرە ئێکسسـوارە بە رەنگی زیوینی هارمۆنیایەك لەگەڵ رەنگی پێسـتدا دروست دەکات، بەم هارمۆنیایە ئێکسسواری زیو زۆر جوان و سەرنج راکێش دێتە پێش چاو، هەڵبەت زۆر جار ئێکسسواری زیو بە دانانی بەرد و مورووی گرانبەها وەك نەخشێك جوان و سەرنج راکێشتر دەبێ.



# چۆن جانتا هەڵبگرین؟!

هەمـوو کەرەسـتەیەك جوانیەکـی تایبەتـی هەیە، ئەوەش بە گوێرەی ئەو نەخش و شـێوەیە کە هەیەتی. هەر بۆیە کچان سەریان لێ دەشێوێ کاتێك دەیانەوێ کەرەستەیەك یان ئێکسسـوارێك هەڵبژێرن. لەوەش گرنگتر لەوانەی باسمان کرد، چۆنیەتـی بەکارهێنان و هەڵگرتنی ئەو ئێکسسـوار و کەرەسـتانەیە. هەڵگرتنی ئەو کەرەسـتانەی کە بـەلای ئەوانەوە جوانـە. ئەگەرچی ئەو کەرەسـتەیە زۆر جوان بێت و مـۆدی رۆژگاریش بێ، بەڵام کاتێك بە شێوەیەکی هەڵە بەکارمان هێنا، یان کە ئێکسسوارێك بە شـێوەیەکی نەشـیاو لەبەر بکەین، جوانیەکەی لە دەست دەدات و چ سوودێکیشـی بۆت نابێ. ئەگـەر جانتای دەسـت وەك نموونە وەربگرین : هەر چەندی ئـەو جانتایە لە پێسـتێکی نایاب دروست کرابێ، نەخـش و نیگارێکی رازاوەشـی هەبێ، بەڵام کاتێك خانمان نەتوانن بەپێی شێوازی خـۆی هەڵیبگرن، لـەو کاتە جوانیەکەی دەشـێوێ و دڵیشت پێی تەنگ دەبێ بە تایبەت ئەگەر هاورێیەکت یان دەستە خوشکێکت پێت دەڵێ: جانتاکەت جوان هەڵبگرە. گرنگە بزانین چۆن جانتای دەست هەڵبگرین، پسـپۆرانی جوانکاریش دەڵێن: جانتاکـەت وا هەڵبگرە وەك ئەوەی کتێب هەڵدەگرێ !

# با رەنگی جل و بەرگ و چاوت یەک بێت



چاوەکانـت جوانـن، ئەو قسـەیە بە زۆربـەی کچـان دەگوتـرێ، لەلایەن کەسانی بەرامبەر یان هاورێ و کەسانی نزیکیانـەوە. لەو کاتـەی ماکیاژێکی جوانـت بـۆ چاوەکانـت کـردووە یان چاوێلکەیەکـی رازاوەت لە چاو کردووە. کارێکی دیکـەش هەیە وادەکات هەمان ئـەو قسـەیەت پێبڵێن کە بەڕاسـتی چـاوت جوانە. ئەویـش دانانی هاوێنە (عەدەسە)، ئەگەرچی پێشتر دەیانگوت لەچاوکردنی هاوێنە، کاریگەری خراپی دەبێ بۆ تەندروستی چاوت، یان چاوت بێ هێـز دەکات. ماوەیەك باس دەکرا و دەگوتـرا کە لەچاو کردنی لینزی چاو، لەگەڵ گەرمـا دەتوێتەوە، بەڵام ئەوەش تەنیا بۆ شکاندنی بازاڕی ئەو کەرەستە جوانە بوو. هاوێنـە چاوەکانت بریقەدار دەکا، رەنگێکی بەپێی دڵ و خواسـتی خۆت بە چاوت دەبەخشـێ، لە کاتێکدا هەندێك لە کچان رەنگی چاوی خۆیان پێ جـوان نییە، بۆیە پەنـا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هاوێنەی چاو. جاران کچان رەنگی کراسـیان لەسەر رەنگی چاویان هەڵدەبـژارد، واتە رەنگی چاوی خۆیان لە بیر نەدەکرد بە گوێرەی ئەو رەنگە جل و بەرگیان دەپۆشی، بەڵام ئێستا رەنگی چاویان وەك رەنگی جل و بەرگیان لێدەکەن بـە دانانی هاوێنەیەك کە لە رەنگی ئەو جلـە بێت کە لـە بەریان کـردووە. بۆ نموونە: ئەگەر کچێك کراسێکی رەنگ سەوزی هەبێ، رەنگی چاویشی قاوەیی بێ، دەتوانێ هاوێنەیەکی رەنگی سەوز وەك کراسـەکەی لە چاو بکات، بەمەش لوتکەیەك لە جوانی بەدەسـت دەهێنێ لە یەکسـان کردنی رەنگی جلوبەرگ و رەنگی چاوی.



# یەک موغارە



ڕەوەند بەختیار

یەك موغارە چیە؟ ڕەنگە ئەو ناوە بەلاتانەوە نامۆ بێت یانیش پێشووتر گوێتان لێ نەبووبێ و نەزانن ئاخۆ ئەو ناوە ناوی شوێنێکە یان ئامێر و کەلو پەلێکە، بەڵام جیا لە هەموو ئەمانە یەك موغارە ئەشکەوتێکی درێژی بنکراوە لە کوردستانە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کفری بە دووری نزیکەی یەك کیلۆمەتر. کەوتۆتە کۆتایی دۆڵێکی کورت و لە خوارووی تەپۆلکێکی شاخاوی چیای باوەشاسوارە.

یەك موغارە نزیکەی ٢٦ مەتر درێژە و لە ڕووی پێشەوەی دوو دەروازەی هەیە، ئەشکەوتەکە پاش ئەوەی چەند جارێك لە

# سەرۆک حەزی بە ئیسراحەتە



لە لای خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، کاتێك کە بە پێڵاوەوە قاچ دەخەنە سەر شوێنێکی بەرز یان جووتە کەوشەکەیان لە شوێنێکی نەشیاو و نەگونجاو دادەنێن، لە ڕوانگەی خەڵکەوە بە گشتی جێی ڕەخنەیە و بەبێ زەوق لە قەڵەمی دەدەن. هەندێك کەس پێیان وایە ئەوانەی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن ڕوح گەورە و لووت بەرزن. هەندێك لە پیاوان تەنانەت ئافرەتانیش لە کاتی دەوام و کارکردندا، قاچیان دەخەنە سەر یەك، یان دەخەنە سەر مێزەکەی پێشیان، ئەگەر لەو کاتە کەسانی دیکە لەوێ بن، دڵگران دەبەن بەرانبەر ئەو جۆرە ڕەفتارە، کەچی هەمان ئەو ڕەفتارە سوودی هەیە بۆ مرۆڤ، کار کردنت بەرەو پێش دەبات ئەگەر جار جارە قاچەکانت بخەیە سەر مێزەکەی بەردەمت، ئەوەش بە گوتەی پسپۆرانی بواری تەندروستی کە دەڵێن : بەرز کردنەوەی قاچ وادەکات کە خوێن بگەڕێتەوە ناو سەر و خانەکانی مێشك، گەڕانەوەی خوێنیش خانەکانی مێشك چالاك دەکات. ئەوەتا باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا، بە قسەی دکتۆرەکان دەکات و زۆربەی کات کە لە نووسینگەی تایبەتی خۆی دەبێ لە کۆشکی سپی، هەردوو قاچی یان قاچێکی دەخاتە سەر مێزەکەی پێش خۆی، تەنانەت ئەگەر میوان و کارمەندانی کۆشکی سپیش لەوێ بن ئۆباما واز لەو خووەی خۆی ناهێنێت.

تەسکی و فراوانی دەدات دەگەیتە دەروازەیەکی نیوە کەوانەیی و لەوە بە دواوە کۆتایی ئەشکەوتەکە دێت.

لە راستیدا ئەم ئەشکەوتە پێدەچێت جۆگەیەکی بەردین بێت، کە وەك کاریزە تونێلێك دەردەکەوێت، کاریزێکە بە دووری ١٧ مەتر لە سەرووی ئەشکەوتەکەوەیە. ئاوی ئەو کاریزە بە ناو ئەشکەوتەکەدا تێدەپەڕێت و ئەوەش وای کردووە کەمرۆڤی ئەو ناوچەیە، لە رابردوودا هەوڵی هەڵکەندنی ئەو کاریزەیان دابێت بە داتاشینی ئەو ئەشکەوتە بەردینە.

# کورتترین کچ لە جیهان

ژمارەیان زۆرە ئەوانەی بە دەست گرفتێکی جەستەوە دەناڵێنن لە جیهاندا، ئەگەرچی لەو لایەنە تووشی نەهامەتییەك بوونە، کە رەنگە هەندێکیان بە دیوێکی دیکەدا خاوەن بەهرەیەکی دەگمەن بن. ئەوەیە چیرۆکی ژیانی ئەو کچە بەریتانییە، کە ناوی (جۆرجیا رانکین)ە و تەمەنی (١٥) ساڵە، کەچی درێژی باڵای تەنیا (٨١) سەنتیمەترە، واتە ناگاتە مەترێکیش. تا ئێستا بە کورتترین کچی هەرزەکاری جیهان دادەنرێ، لە چاو هاوتەمەن و هاورەگەزانی خۆی. سەرباری ئەوەش، ئەو کچە خنجیلانە لە شاری (وارینگتۆن)ی (چێشەر)ی بەریتانیا دەژی، بەهۆی گرفتێك لە خانەی ئێسقانی جەستەیدا ئەو حاڵەتەی بۆی دروست بووە، کە جەستەی گەشە ناکات، گەورەش نابێت. سەیر لەوەدایە ئەو خانمە حەزی بە کاری فاشیۆن و جل و بەرگە، تەنانەت بیرۆکەی جوانیشی هەیە لە ئامادەکردنی چەندین ستایل و مۆدەی جیاواز لە جل و بەرگدا، ئەوەش وای کردووە هاوڕێیانی خۆی پرسی پێبکەن لەوەی مۆدە و ستایلی جوان و دڵگیریان بۆ هەڵبژێرێت.





# کۆترەکانیش هەولێریان پێ خۆشە



شاری هەولێر رۆژ بەدوای رۆژ پێشکەوتن وگەشەسەندنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت. رۆژ بە رۆژ جوانتر دەبێت، بە شێوەیەك پێشتر کۆمەڵێك شت تەنیا لە وێنە دەمانبینی کە لەوڵاتانی دەوروبەردا هەبوون. رەنگە هەندێ کەس خەونیان بەوەوە دیبێت کە هەولێریش وەك شارە ناودارەکانی جیهان ببێتە خاوەنی ئەو ناز و رواڵەتانە. یەکێ لەو رواڵەتانە هەبوونی کۆترە لە نێو گۆڕەپانێکی شاردا، کە بێ سڵ کردنەوە تێکەڵ بە خەڵکی ببن. ئەمرۆ لە پارکی شار لە ناوەڕاستی شاری هەولێر نزیك بە قەڵای دێرین رەوە کۆترێکی زۆر لە تەختایەکی ئەو باخچەیەدا دەنیشنەوە. ئەو کۆترانە لە شورەی باخچەکەدا هێلانەیان بۆ دروست کراوە کە بە رەو لە گۆڕەپانەدا دەنیشنەوە و دیمەنێکی جوان و سەرنج راکێشان هەیە و خەڵکی شار و گەشتیاران کاتێکی خۆش لەگەڵ تەماشا کردنی ئەو کۆترانە بەسەر دەبەن، کە زۆربەیان کۆتری رازاوە و کەوی کراون و لەو شوێنی خۆیان هەڵدەنیشنەوەو لە لایەن چەند ئارەزوومەندێکی کۆتر چاودێری دەکرێن و دان و ئاویان بۆ دابین دەکرێت. کۆتر باڵندەیەکی هێمنی جوانە چەندین شێوەو جۆرو رەنگی هەیە لە شاری هەولێر چەندین کەس حەز بە کۆتربازی و بە خێو کردنیان دەکەن و لە ماڵەوە چەندان کۆتریان هەیە، نرخی کۆتریش بە گوێرەی جۆرەکەی دەگۆڕێت و ئەوانەی دەگمەن بن تاکو بڕی یەك دەفتەر دۆلار دەکات. ئەوانەی لە پارکی شاردان، چەندین جۆرە کۆترن کە زۆر جوانن و بەڵام نرخیان زۆر گران نییە. جێی سەرنجە کۆترەکانی پارکی شار لە نێو پارکەکەدا زۆر بە کەمی لە پارکدا جیقنە دەکەن، ئەوان بۆ خواردنی دان و ئاو خواردنەوە بە کۆمەڵ لە تەختایی پارکەکەدا دەنیشنەوە، کە زۆر کەسیش بۆ یادگاری وێنەیان لەگەڵ دەگرێ.



## كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

گفتوگۆ خۆشەكانت، هاوڕێی زیاترت پێ دەناسێنێت و دڵشادت دەكات، ئەم ماوەیە گونجاوە بۆ پەیوەندی سۆزداری، ئاگاداری باری دەروونیت بە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك گرفت كە خەریكە بەرەو كۆتایی دەڕوات، كەسێك پێشنیارێكت بۆ دەكات، پشتگوێی مەخە، لەوانەیە پێشنیارەكەی ئەو جێگای خۆی بێت.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

كۆنترۆڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆت بكە، لەبواری ئیش و كارەكەتدا زیاتر خۆت ماندوو بكە، پێویستیت بەكورتە سەفەرێك هەیە.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەخۆبایی مەبەو خەڵكانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لەڕابردووی خۆت بكەرەوە، چونكە تۆ كەسێكی چاپووك و دڵسۆزی، باری سۆزداریت ڕوو لەباشییە.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

باری دەروونیت لەجاران باشترە، بەڵام تا ئێستا دوو دڵیت هەر ماوە، بێ گومانبە ژیانت خۆش دەبێ و دەگەڕێیتەوە سەر باری پێشووت.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەرپرسەكانت لێت رازین لەكارەكەت، وریای خۆت بە لەهاوڕێیەكی دووڕووت كە خەریكە گۆبەندێكت بۆ بنێتەوە.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەوانەیە بگوازرێیتەوە بۆكارێكی نوێ، چونكە هەست بە بێزاری و بێ توانایی دەكەیت، بەهۆی نەگونجانت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت بەخۆتدا بچۆرەوە.




## دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

سەركەوتنێكی چاك لەبواری كارەكەت بەدەست دەهێنیت، كە دەستكەوتێكی ئابووری باشی لەگەڵ دایە، هەست بەخۆشی و شادی دەكەیت.



## كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەپەلە هەڵسوكەوت مەكە، چونكە زەرەرمەند دەبیت، هەست بەبێزاری و دڵەڕاوكێ دەكەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پێشووێكی درێژ بدە، تادەگەڕێیتەوە باری جارانی خۆت.



## گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئاگاداری پێداویستیەكانی خۆت بە، تواناكانت زیاترن لەتوانای كەسانی تر كە لەگەڵت كاردەكەن، لەاونەیە هاوڕێكەت دژایەتیت بكات.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەشداری كردنت لەكۆڕو كۆبوونەوەكاندا سوودێكی زۆرت پێدەگەیەنێت و دڵخۆشت دەكات، دەتوانیت پێشبكەویت لەكاردا بەهۆی زیرەكی وخۆماندوو كردنت.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر بەگرانی گرفتەكانی ئابووریت وەرمەگرە، پێویستە لەسەرخۆبیت و دان بەخۆتدا بگریت، لەهەندێك گۆڕانكاری كە ئەنجامی دەدەیت سەردەكەویت.



## نوكتە

■ - جارێكیان دوو كەس یەكەم جاریان دەبێ بە فڕۆكە گەشتێك دەكەن بۆ توركیا، بە ماوەیەكی زوو دەگەنە شوێنەكە و كە دادەبەزن بە فڕۆكەوانەكە، دەڵێن بمانزایە توركیا ئەوەندە نزیكە هەر بە پێ دەهاتین!

■ - جارێكیان قەڵەوێك دەیەوێ خۆی لاواز بكات، دەچێتە لای دكتۆر و دەڵێ دەمەوی خۆم لاواز بكەم، دكتۆریش پێیدەڵێت رۆژانە لە هەر ژەمێك لەفەیەك بخۆ، قەڵەوەكەش دەڵێ: دكتۆر پێش یان پاش نانخواردن.



## تابلۆ

### گوڵەكانی پاییز

ئەمە یەكێكە لە تابلۆ نایابەكانی بەرهەمی وێنەكێشی ئەڵمانی (لۆڤس كۆرنس)ە، كە لە ساڵی (١٨٥٨) لە دایك بووە، ئەو تابلۆیەی بە ناوی (گوڵەكانی پاییز) كردووە، وەك ئەوەی وەسفی كچێك دەكا جلێكی فراوان و گەورەی لەبەرە، لە وەرزی پاییزدایە. ئەوەی جێگەی سەیرە، جلی ئەو كچەی ناو تابلۆیەكە لە جل و بەرگی كوردی دەچێ.



## وتەی ناوداران

**- جبران خەلیل جبران، دەربارەی هاوڕێتی دەڵێ:**

هاوڕێیەتی وەك سێبەر وایە،هەندێك جار لە تیشكی گەرمی خۆر دەتپارێزێ و لەبەری دەحەسێیتەوە. هەندێك جاریش خراپە بۆت كاتێك پێویستت پێیەتی تەنیا لە رووناكی لەگەڵتە و لە تاریكیدا ون دەبێ.

## مانای خەون

**تۆز:** ئەگەرکەسێك لە خەویدا تەپ وتۆزی بینی لە نێوان ئاسمان و زەوی، ئەوا کارێك دەکات نازانێت چۆن لێی دەرباز بێت. هەرکەسێك تەپ و تۆزی لەسەر لاشەی خۆی بینی نیشانەی ئەوەیە گەشتێك دەکات، یان ئەگەر تۆز بەرەو ڕووت هات، تووشی کێشە و نەخۆشی دەبیتەوە، یان کاتێك لە تەپ و تۆز هەڵاتی یان لێت دوور کەوتەوە، ئەوە لە گرفت و ناخۆشی دەردەچی و کێشەکانت چارەسەر دەبن.



## قەنەفە لە سەوزایی گیا

خۆ هەندێك جار بیرۆکەیەکی سادە، دەبێتە کارێکی گەورە و گرنگ. ئەوەش تەنیا پێویستی بە داهێنانە لە بیرۆکەکەدا، بەهۆی زۆری ئەو ڕێژە سەوزاییەی لە وڵاتی ئەڵمانیادا هەیە، ئەوانیش ئەو هەلە دەقۆزنەوە و دەتوانن لە گیا و سەوزایی داهێنان بکەن. ئەوەتا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیادا، توانیویانە شوێنی دانیشتنێك لە سەوزە و گیا دروست بکەن، ئەو شوێنە وەك قەنەفەی ماڵان وایە و خەڵکیش دەتوانێ لەسەری دابنیشێ و پشوویەك بدات.

## پێڵاوی تیژ و دڕ



هەردەم زانیومانە پێڵاو دەبێ نەرم بێ، تا ئەزیەتی پێ نەدات. بێجگە لەوەی پێڵاو لە پێست و کەرەستەی نەرم دروست دەکرێ، وەك پێستی گیانداران و لاستیك و شتی دیکەش. بەڵام ئەو پێڵاوە پێچەوانەی پێڵاوی ئاساییین، چونکە وەك ئەوەی چەکێکی تیژ و دڕ بێ، کە هەموو لایەکی بە نوکی دڕ و تیژ داپۆشراوە، ئەگەر بێت و ئەو کەسەی ئەو پێڵاوەی لە پێی بێت و لە یەکێك بدات، هەموو گیانی هەنجن هەنجن دەکات.

## زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەوزەیەکە، بۆنێکی بەهێزی هەیە و بۆنی دەم ناخۆش دەکات)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارێکە لە کوردستانی باکوور- تورکیا)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (٣ جاران ١٠ دەکاتە چەند)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**هێلان**) بوو